# مێژووم دووره

سیروان کاروانی

من شاخێکم!
لوتکەم بەرزە و بە ئاسماندا دەچم
من شاخێکم!
لە هەموو شاخەکانی تری وڵاتم دەچم
لە ئاسمانەوە شەوانە،
ئەستێرەکانی وڵاتەکەم دەدوێنم
لە زەوییەوە ڕۆژانە،
تین لە "باوەگوڕگوڕ" و "ئاقانە"کەم دەستێنم
ئەوەتا مێژووم، حیکایەتێکی دووره و
ڕابووردووم وەک ئاوەکەی بانیخێڵان ڕوونە و
ناوەکەم کە ویستیان بیخنکێنن، هێندە کەونارا یە
کە بە تیغی تەعریبیش لەناو نەچووە.
کێ هەیە بە ئەندازەی من
چاوچنۆکەکان چاوی تێ ببڕن؟
ئەم هەموو شکەستەم بەخۆم دیوە
هەر نەیارە و لە دەورم خەملیوە
کەچی، مێژووی کوردستانیبوونم هەر
بە کوردی و بە دەستی خۆم نووسیوە!
من "کەرکووک"م!
شارەکەی بومەلەرزەش نەیهەژاندم
زەبروزەنگی هیچ داگیرکەرێک نەیتۆقاندم
بەڵام ئەفسووس ئەی هاونیشانم!
لە داهاتووم ئێجگار نیگەرانم
ئەوەتا ،
گڕوگیڤی عەفلەقییەکان وا وێڵیان کردووم
تەعریب و تەرحیل دەمێکە کاسیان کردووم
وەرنە دەنگ نەفرەت بکەن...
نەفرەتتان لێبێ، پاشای خنکێنەرانی هەڵەبجە

بەعسی خوێنڕێژ و دوڕندە و دێوەزمە بەچە
ئەمە هەر ئێوە نا **,**
نەفرەت لەو کوردەش هاشا لە کەرکووک دەکا
(زێوەر) و (کوردستان) و (ئاسۆ) لە**بیر** دەکا*
بەڵام من هەر لێم ڕوونە**,**
هەمووتان دەبێ ئەمە ببینن
هەر کوردە ئەڤی**نی** شاخە**,**
کوڕی ئەشکەوت و زنار و هەڵدێر و
جەنگەڵ و هەڵۆی سەر کەبکەشاخە
هەر ئەوان دەتوانن لە داوێنمدا خۆ بگرن
بانگی ئازادیی سەدەی داهاتووم بچرن**!**

2001/05/25